
# وشە و پێشگری "بەر" لە زمانی کوردیدا



نووسینی: ناسر ڕەزازی

زمانی کوردی یەکێک لەو زمانانەیە کە ئەگەر زانستیانە خزمەتی بکرێت، لەبەر ئەوەی کە خاوەنی چەند شێوەزار و وشەی بەرانبەری زۆرە، دەکرێت وشەی تازەی زۆری لێ ڕۆ بنرێت. زۆر جار بە پێشگرێک یان بە پاشگرێک یان بە وشەیەکی سەربەخۆ دەتوانین چەندین وشەی تازەی لێ بخەینەوە.

وشەی **بەر** لە زمانی کوردیدا زۆر کۆنە و وشەی پێشگرە و پێشبەندیشە و لە ڕستە و لە وتەدا واتای جۆربەجۆری لێ هەڵدەکرێت. مامۆستا مەسعوود موحەممەد لە کۆپەڕی (زاراوەسازیی پێوانە)دا دەڵێ: یەکێک لە بەکارهێنانە بەبڕشتەکەی "بەر" ئەوەیە کاتێک بەکاری دەهێنیت و وشەی لێ دادەڕێژی، وشە بەلای بەرکاری (مفعولی)یەوە دەبات، وەکوو: بەرپرس، بەرکوڵ، بەربەست، بەرکوت، بەربانگ، بەردەست، بەرهەست، بەرچاو، بەربار، بەرتاو، بەرشەق، بەڵام وەهاش دەبێت وشەی کارا درووست دەکات وەکوو: بەرهەڵست، بەرگر، بەرماڵ. هەر بەو پێوەرە دەڵێت: هیچ کێشەیەک لە گۆڕێدا نابێت کە وشەی "بەرترس" بۆ شتێک بەکار بێنی کە ترسی زەرەرمەندبوونی لێ دەکرێ، وەک ئەوەی کە بێژی زیندەماڵ بەرترسی مەرگە. واتە ترسی ئەوەی لێ دەکرێ کە تووشی مردن بێت. خەرمانی نزیک پووشەن بەرترسی سووتانە. یان ئەم ولاتە تا سنووری کۆیێ بەرهێزی منە. کە وابوو ئێمەش دەتوانین وشەی بەرکێشە دابنێین بۆ ئەو کەسەی کە "کونەفتنە"ی کردەیەکی خەراپە، وەکوو: شاڵاو بەرکێشەی هەمووگرفتەکانی ئێمەیە.

دیسان دەڵێت: بەرچنە کە واتای (ثمر)ی دار دەدا هەر لە "بەر"ەوە هاتووە. _ بەرچنە بەو بەروانکە دەڵێین کە میوەی میوەی وەکوو تەماتە و بیبەر و هیدیکەی تێدا کۆ دەکەنەوە؛ هەروەسا "بەرچنە" لە لای ئێمە واتای تریان یان تەفت یان سەوی میوە دەدات.

"بەر":

**یەکەم واتای:** لای بەر و لای پێشەوە دەگەیێنێت. بەڵام کاتێک ئەم وشەیە هاتە بەرکار و بمانەوێ وشەیەکی دیکەی لێ دابڕێژین، واتاکە دەگۆڕێ و ناوی تازە و وشەی تازەی لێ دەبێتەوە.

**دووەم:** هەندێ جار "بەر" واتای وەفا و سفەت دەدات، بۆ میناک لەناو خەڵکی کورددا کاتێک کەسێک بەرانبەر بە کەسێکی دیکە باش نەبێت و لەتەکیا خەراپ بێت، دەڵێ: جا وەرە شێت مەبە، بەر و پشتی بۆ کەس نییە؛

**سێیەم:** هەندێ جار "بەر" واتای پێوەر و ئەندازە دەدات، وەکوو: بەری ئەو لیباسە تەسکە؛  یان کاتێک دەچێتە لای بەرگدروو بۆ دروونی لیباس، بەرگدروو پێیدەڵێ: ئەرێ بەر و پشتی ئەم قوماشە وەک یەک نییە، چی لێ بکەم و چۆنی بدرووم؟

**چوارەم:** وشەی "بەرین"، لە "بەر"ەوە هاتووە بەلام خۆی پێشگر نییە چوونکە پاشگری "ین"ی بە دواوەیە. بەڵام دواتر بە وەرگرتنی وشەی "بەر" دەبێتە پاشگر و وشەی (بەربەرین)ی لێ هەڵدەنرێت؛ هەروەها بەرەی زینی وڵاخیش لە "بەر"ەوە هاتووە لە واتای ناودا چوونکە پاشگری "ی"ی بە شوێنەوەیە. دیسان دەڵێت: هەروەها وشەی بەرۆچکەش کە واتای بەرهەیوانی بچووک دەدات و پاشگری وەرگرتووە. بەلام (بەربەرۆچکە) هەم پێشگری هەیە هەم پاشگر. بۆ میناک: وشەی "بەرتەسک" وشەیەکە کە واتای مەودای تەسک دەدات، هەر بەو پێوەرە دەکرێت بوترێت ئەو مەزرایە بەرخولی مێگەلەکەی ئێمەیە و لە هەمان کاتیشدا بەرخۆریەتی. واتە لەوێ دەگەڕێ و دەخولێتەوە و لەویش دەلەوەڕێ.

**پێنجەم:** لە کاری پێمەرەکاریدا وشەی "بەرکەند"مان هەیە واتە کاتێک خەریک دەبن شوێنێک هەڵکەنن، کرێکارێکیان دەڵێت: با لە پێشدا لەو ئاستەوە دەس پێبکەین، ئەویش دەڵێ: باشە با وا بکەین، کە وابوو دەڵێت: با ئەوێ بەرکەند بکەین و لەوێوە دەست پی بکەین. بەر لێرەدا پێشگر نییە و خۆی بە واتای لای پێشەوەیە. وشەی ناوبراو زاراوە نییە و کرێکار خۆی دۆزیویەتەوە و دەمێکە ئەو وشەیە هەیە.

**شەشەم:** کاتێک دەوترێت: با بەرەو ماڵ، بەرەو دێ، بەرەو شاخ، بەرەو بازاڕ بڕۆین، لە هیچیاندا وشەی "بەر" پێشگر نییە چوونکە بە "بەر" و "ەو" جۆشی خواردووە و بووگە بە وشەی سەربەخۆ. لە وشەکانی (بەرایی، بەرەبەرە، بەرودوا، بەرەنگار)دا وشەی بەر لە هیچیاندا پێشگر نییە چوونکە کەرتی سەرەکییان تێدا ڕوون نییە تا بزانین "بەر" چنەخشێکی تێیاندا گێڕاوە. بۆ نموونە ئەگەر وشەی "بەر" لە بەرایی وشەدا شێوەی پێشگری پیوە نەبێت، ئەو وشەیەی کە بە یارمەتی "بەر" بە زاراوە دادەنرێت، زمانەوانان دەبێ بڕیاری لە سەر بدەن کە لێکدراوە یان داڕێژراو.

**حەوتەم:** هەندی جار "بەر" ڕۆڵی "لەش" دەبینێت وەکوو:

ئەمڕۆ جلی کوردیم لە بەر کرد، یان جلی کوردیم کردە بەرم. یان دارەکەم ئاو دا و گیانی هاتەوە بەر.

**هەشتەم:** هەندێ جار "بەر" ڕۆڵی (حافظە) دەگێڕێت وەکوو من هەموو هۆنراوەکانی (مامۆستا هێمن)م لە بەرە. گشت هۆنراوەکانی (مامۆستا هەژار)م لە بەر کردووە. بەڵام ئێستا هیچیانم لەبەر نییە. یان باشتر بڵێم لە هەندێ ناوچە دەوترێ: هۆنراوەکانی سەرەنجامم هەموو ئەزبەر کردووە؛ بەڵام ساسانی برام ناتوانێ هیچ شتێ ئەزبەر بکا؛ ئەزبەرکردن؛ ئەزبەربوون؛ لەبەرکردن؛ لەبەربوون؛ کە وابوو وشەی (ئەزبەر یان لەبەر) واتای (حافظە) دەدات.

**نۆیەم:** وشەی "بەر" دیسان لە هەندی وشەدا واتای ناوچە دەدات، وەکوو: بەری مەرگە، بەری مەنگوڕایەتی. لە بەری مەرگە زەویی باشمان هەن کە بۆ کشت و کاڵ زۆر بەپیت و بەرکەتن. دوێنێ لە بەری مەرگە زەماوەن بوو چووین سەیرمان کرد، زۆر خۆش بوو.

**دەیەم:** وشەی "بەر" دیسان واتای تیزانگ (جنین) دەدات، وەکوو: مەڕەکە بەری هاویشت یان بەری خست. بەرخستنی مەڕ لە زستاندا شتێکی خۆزایە و ڕوو دەدا. ڕۆڵە با ئەو گیا نەخوا نەکا بەری پێ بخات.

**یازدەیەم:** بەر لەم ڕستەگەلە "بەر" واتای "پێش" دەدات، وەکوو: لە بەر ماڵانەوە هات؛ دارین بەر لەمن چوو؛ ئارا لە بەر منەوە چوو؛

**دوازدەیەم:** هەندێ جار "بەر" لە ڕستەیەکدا واتای لا (طرف) دەدات، وەکوو: ئەو زەوییەی ئەوبەر داژدە (ملک)ی منە؛ ئەو زەوییە دەبینی، ئەم بەری زەوی منە و ئەو بەریشی هی براکەمە.

**سیازدەیەم:** بڕێ جار وشەی "بەر" بە وەرگرتنی پاشگر بۆ نموونە: "ە"، واتای (جبهە) دەدات، وەکوو: با بەرەیەک درووست بکەین و بە پشتیوانی یەکتر خەبات بکەین. وەکوو کردنەوەی (بەرەی کوردستانی)، یان خۆ درووستکردنی بەرەیەک لە نێوان چەند ڕێکخراودا.

**چواردەیەم:** "بەر" لەم ڕستەیەدا واتای بەرگ (ئاستەر) دەدات، وەکوو: یەکێک دەڕواتە لای بەرگدروو و دەڵێ: کەوایەکم بۆ درووست بکە، ئەویش ئێژێ: کەواکەت بەری هەیە یان نە؟

**پازدەیەم:** لەم ڕستەیەدا "بەر" واتای ئازادبوون و سەربەستی دەدات، وەکوو: کاوان لە بەندیخانە بەر بوو؛ داخۆ کارۆخ بەر بووە یان نە؛ بەربوونی کارۆخ دەبێتە هۆی خۆشیی هەموو لایەکمان.

**شازدەیەم:** لەم وشەگەلەدا "بەر" پاشگرە و واتای هەڵگر (حامل) دەدات: ڕەنجبەر: ئاغاکان لە کۆندا ڕەنجبەری زۆریان دەچەوساندەوە؛ فەرمانبەر: لە بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوەدا زۆر کەس فەرمانبەرن؛ بارەبەر: ئەسپ و کەر و هەندی ماشین بارەبەرن یان باربەرن؛ میراتبەر: لە دوای نەمانی داک و باب، منداڵان دەبن بە مپاریکبەر (میراتبەر).

**حەڤدەیەم:** لەم هۆنراوەیەدا "بەر" واتای "ڕوو" دەدات، وەکوو:

ئەی لاوە لاوە بەرخەکەم لاوە ـ تۆ گیان ئەو براتە بەر بکە بەم لاوە

یان: بەر مەکە بەو لاوە وەڵامم بدەوە؛ بەر بکە بە لامەوە بزانە ئێژم چی.

**هەژدەیەم:** لەم ڕستەیەدا "بەر" واتای بەهرە و داهات دەدات، وەکوو: ساڵی ٢٠٠٩ بەر و بووم لە کوردستان بە هۆی وشکەساڵییەوە باش نەبوو. یان بەیانیب بەر بە مەنگوڕایەتی دەچم.

**نۆزدەیەم:** لەم ڕستەیەدا "بەر" واتای بەش (سهم) دەدات، وەکوو: چی بکەم هیچم بەر ناکەوێت. چووم بۆ وەرگرتنی کۆپین بەڵام هیچ بەر نەکەوت هاتمەوە.

**بیستەم:** لەم ڕستەیەدا "بەر" واتای (نۆرە) دەدات، وەکوو: لە سەرەی نانداا وەستام هەر بەر نەکەوت و هەر بەرم نەکەوت، ئیتر بە دەسبەتاڵ گەڕامەوە؛ دەتوانی دوو نانم بدەیتێ، ببوورە کاکە گیان بەرناکەوێ جەنجاڵە هەویر کەمە و بەش ناکات.

بێژگە لەم وشەگەلەی کە لە زمانی کوردیدا خۆیان سەربەخۆن و خەڵک و کۆمەڵگا درووستیان کردوون: بەرجەوەن: بەرچاوان؛ بەرپێوار: نادیار؛ بەرماو: لەپێشماو، لەبەر دەمداماو؛ بەرسیلە: قۆرە، هاڵە؛ بەرقاو: یەکەم کاسەی چێشت؛ بەرواڵ: کەمەرەی کێو؛ بەروانک: بەرپۆش، بەرهەڵبێنە؛ پێشبەند: (حرف جر)؛ بەرگن: تووکی بەرخ؛ بەرکە: ژوورێک و بەرهەیوانێک؛ بەرکۆڵە: چڵاوک، داری دووسەر حاچ؛ بەرکاز: پەنجەرە، دووەری؛ بەرکۆژە: قۆپچە، دوگمە و زۆر وشەی دیکە، بەڵام لەم چەندین ساڵەی دواییینیش کە زمانی کوردی بە هۆی کۆڕی زانیاری لە بەغدا و خزمەت و خەباتی زمانەوانانی کورد، دەیان وشەی نوێش بە وشەی "بەر" وەکوو زاراوەی نوێ ڕۆنراون هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، وەکوو:

**بەرتاوان** = متهم

**بەربژار** = کاندید

**بەرپەرچ** = عكس العمل

**بەرهەڵستکاری** = معارضة

**بەرگری** = دفاع، مقاومة

**بەرگومان** = مشكوك فيه

**بەرکار** = مفعول

**بەرناس**، بەرجەستەکراو، ناسراو = مجسد، معروف

**بەربەست** = إعاقة، رادع، عائق، مانع، حائل، سد، حاجز

**بەرەباب**، ڕەچەڵەک = سلالة

**بەرەنجام** = ناتج، محصلة

**بەرکەوت** = خارج القسمة

**بەرپرس** = مسئول

**بەرتەک** = ردالفعل

**بەرپێل**، بەرەشەپۆل = جبهة الموجة - wave front

"بەر" پێشگرێکە کە دەتوانێ بۆ دەوڵەمەندکردنی وشەی کوردی لە وشەسازی لە ڕێبازی داڕشتن (الاشتقاق derivation)دا کەڵکی لێ وەربگیرێ.

"بەر" وەکوو پێشگر زیاتر لەگەڵ ئەو وشانە جوان ساز دەبن کە یەکبڕگەیی بن (بەرپرس)، ئەو کاتە بێژەکردنیان ئاسان و سانا دەبێت. هەروەها وشەیەک کە بە یارمەتیی "بەر" ساز بکرێت زۆر جار ئەکەوێتە دۆخی "بەرکاری = مفعولی"یەوە.

لە خوارەوە هەوڵ دراوە بە یارمەتیی پێشگری "بەر" هەندێ وشەی نوێ پێشنیار بکرێت کە ئەگەرچێژ و ڕای خەڵکیان لەسەر بێت ڕەنگە بتوانن پڕکەرەوەی کەلێنێک بن:

**بەرئەستۆ**: ناوی لێکدراو؛ بە ئەستۆوەبوون؛ بە ملداهاتن؛ من هیچکات بەرئەستۆی شتی وا نابم، مەگەر بکەومە ژێر گوشارەوە.

**بەراوەز** : ناو؛ ناوی لێکدراو؛ ١. کارێک کە ئاوەز پەسنی بکا؛ کاری ئاوەزپەسن: معقول. قسەکانی دیاکۆ بەراوەزە، بۆ ئەوە دەبێ مرۆڤ گوێی لێ بگرێ. کاری بەراوەز و وتەی بەراوەز لە هەموو شوێنێکدا جێی خۆی دەکاتەوە، بۆ میناک: ئاکۆ بەراوەزانە قسە دەکا، واتە: معقول قسە دەکا.

**بەرباو**: وشەی لێکدراو؛ بە باوبوون؛ بوون بەباو؛ (دوای ئەوەی کە گەرماو (حمام) لە ماڵان بووبە باو، وردەوردە گەرماوی گشتی (حمام عمومی) لە باو کەوت؛ باو تداول؛ بەرباو: متداول.

**بەربەش**: ناوی لێکدراو؛ بەشی هەر ئینسانێک لە چارەنووسیدا؛ بەربەش: نصیب. بەربەش وای کرد پەڕیوە بووین و کەوتینە ئەم ڕۆژە.

ماڵی گــــەش دانێ لە بـۆ ڕۆژی ڕەش

هــەمووشتێ مەکە بە هـات و بەربەش

ژیــــان هــەر ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ نییە

کەس لە ماڵــی کەس نەبۆتە برابەش وتەی پێشینان

واتە: بیر لە ڕۆژی تەنگانە بکەوە و هەموو شتێک مەخەرە دەست شانس و نسیب، ژیان ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ نییە و کارێکی باش و بەکەڵکە چوونکە بەربەڵێنی تەزەن ناهێنێتە سەر ڕێگا). بەربەڵێن: متعهد.

**بەربێن**: ناوی سەربەخۆ؛ بەربەن؛ بەربێن لە سەر پێوەری دەمبێن، واتە: لەمپەری ئاو؛ ئەو دیوارەی کە بەر بە ئاو دەگرێت و ئاوەکە تێیدا کۆ دەبێتەوە.

**بەربێژ**: ناو؛ وشەی لێکدراو؛ بەرباس؛ ڕاسە؛ هەر وتنێکت هەیە بەربێژ یان ڕاسەی بکە. بەربێژ: مطرح. ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەی پارلەماندا لایەنگرانی لیستی فڵان وتەکانی خۆیان بەربێژ کرد، واتە: مطرح کرد. ئەم باسە بەربێژ نییە و لەسەری مەچن. واتە: ئەم قسەیە (مطرح) نییە و وازی لێ بێنن.

**بەربینا**: وشەی لێکدراو؛ (اسکلت)؛ (هیکل)؛ بەو بینانیەی دەوترێت کە هێشتا تەواو نەبووە و هەیکەل یان ئێسکلێتە؛ لێرەدا پێویستە بڵێم: (بینا) کە عەرەب کردووتەی بە: "بناء" لە "بن"ی کوردی وەرگیراوە و هەر وشەیەک کە لە زمانی کوردیدا بنەمای هەبوو، دیارە و پێویست بە خۆئازاردان ناکات هەتا بە دوای ناسنامەکەیدا بگەڕێین. عەرەب داگیرکەری ئێمە بووە، وشەی "شارێ"ی کوردییان لە ئێمە وەرگرتووە و بە (شارع)یان داناوە؛ وشەی خەندەکیان لێ دزیوین و بە (خندق)یان هەڵناوە؛ وشەی "بەرزەک"یان لێ داگیر کردووین و بە (بەرزخ)یان ڕۆ ناوە؛ وشەی "بینا"یان لێ هەڵکڕاندووین و بە (بناء)یان ڕا ناوە؛ وشەکانی: بنەما و بنەڕەت و بناخە و بنەوان و بناوان و بنەچە و هیترمان لە کوردیدا هەن کە لە وشەی "بن"ەوە سەرچاوەیان گرتووە و عەرەب ئەو وشەیە نییە و تەنیا فارس و کورد خاوەنی واژەی (بن)ن.

**بەرپاوان**: ناوی لێکدراو؛ پاوان دەبێتە: انحصار؛ بەرپاوانیش دەبێتە: منحصر؛ بۆ نموونە: مانیان منداڵی بەرپاوانی بنەماڵەیە، واتە: مانیان انسانی منحصر بە فرد است. یان دەکرێت بوترێت: لۆلان منداڵی بەرپاوان بە تاکە.

**بەرپێش**: ناوی لێکدراو؛ لە کاری مۆسیقادا بۆ ئۆڤێرتوور یان پێشەکی بەکار دەچێت؛ (موشتەبا میرزادە بەرپێشێکی جوانی داناوە بۆ ئەو گۆرانییەی حەسەن زیرەک).

**بەرتەوەن**: وشەی لێکدراو؛ بەردینە؛ بە بەردبوو؛ بەردەنی؛ بەرتەوەن: متحجر. تەوەن بە هەورامی واتە. بەرد. (ئەو ئێسک و پرووسکانەی کە لە شاری سنە لە گۆڕێکی کۆندا دۆزراونەتەوە، وایان لێ هاتووە دەڵێی بەرتەوەنن، ئەوەندە لە ژێر خاکدا ماونەتەوە).

**بەردیار**: ناوی لێکدراو؛ ئاوەڵناو؛ هەڵکەوتوو؛ هێژا؛ هەژیا؛ شیاوی ڕێز. (کاک ئاکۆ لەناو خەڵکدا بەردیارە). بەردیار: متشخص.

**بەرژیار**: ناوی لێکدراو؛ متمدن؛ (دانیشتوانی وڵاتانی سکاندیناوی بەڕاستی بەرژیارن بۆ ئەوەی کە زۆر لە پێشن و لە ئورووپاش کە زوو گەییشتن بە ڕێنێسانس بەرژیارترن). ژیار: تمدن؛ بەرژیار: متمدن.

**بەرسەرنج**: وشەی لێکدراو؛ (ببوورە ڕاستییەکەی بەرسەرنج نەبووم چیت وت؟ بەرسەرنجنەبوون هەندێ جار هۆی ئەوەیە کە مرۆڤ یان کاری زۆرە یان ماندووە). بەرسەرنج: متوجە.

**بەرفیز**: وشەی لێکدراو؛ (سەوەن یەکجار بەرفیزە و لەگەڵ سێبەرەکەشی بە زۆر قسە دەکات؛ بەرفیزبوون کارێکی باش نییە). فیز: تکبر؛ بەرفیز: متکبر.

**بەرکردە**: ناوی بەرکاری لێکدراو؛ (کارێکی ئاوەها بۆ ئێمە بەرکردە نابێت، بە فارسی واتە: کاری آنچانی برای ما عملی نیست).

**بەرکێشە**: ناوی بەرکار؛ کونەفیتنە؛ بۆ ئاگاداری "کوڵەفیتنە" نییە؛ کوڵەفیتنە شتێکی دیکەیە و کونەوفیتنە شتێکی دیکە؛ بەرکێشە واتە ئەو کەسەی کە دایکی کێشە و گرفتە دیکە، یان وەیەونەر و کێشەدرووستکەرە؛ تەنانەت دەکرێت بەرکێشە بۆ "بان"یش بەکار ببرێت بەڵام بە بارە نەرێنییەکەیدا، واتە بوترێت: (بەرکێشەی هەموو گیر و گرفتێک لە ماڵی ئێمەدا خولەیە)؛ (بەرکێشەی تەواوی ئەم ڕووداوانە ساوانە)؛ ئەم وشەیە بەرانبەرە بە غائی مشاکل؛ هەروەها ئەم وشەیە دەتوانێ بە بارەکەی دیکەشدا واتا بدا بە دەستەوە.

**بەرگەشە**: وشەی لێکدراو؛ گەشەکردوو؛ بە گەشە گەییشتوو؛ بەر گەشەکەوتوو؛ گەشە: تکامل؛ بەرگەشە: متکامل. (من لەو باوەڕەدا نیم کە کۆمەڵگای ئێمە بەرگەشە بووبێت؛ بەرگەشەبوون، دەبێت لە دەروازەی گەشەوە تێپەڕ ببێت).

**بەرمان**: وشەی لێکدراو؛ مانگرتوو؛ بۆ مانگرتن دانیشتن؛ (هەموو ئەو خوێندکارانە بەرمان بووبوون لە سەر داواکارییەکانیان)؛ مان: تحصن؛ بەرمان: متحصن. هەرچەند مانگرتوو خۆی جوانە بۆ متحصن، بەڵام ...

**بەرمەنەر**: وشەی لێکدراو؛ مەنەر واتە: توقف، بەرمەنەریش دەبێتە: متوقف؛ (هێزەکانی سپای سووریە هەرچێکیان کرد ئەو هەرایەی ناوخۆیان بۆ بەرمەنەر نەبوو، چوونکە یارمەتیدەرێکیان نەبوو).

**بەرنیا**: ناوی لێکدراو؛ هێنانەپێش و باسکردنی کێشە یان گرفتێک لە کاتی وتووێژ و قسەکردندا. بەرنیا: مطرح کردن. وەکوو: هەر قسەیەکت هەیە بەرنیای بکە با ڕوون ببێتەوە. بەرنیاکردن؛ بەرنیابوون.

**بەروێنا**: ناوی لێکدراو؛ ڕێ تێچوو؛ وێنا بوو؛ کەوتنە بەر وێنا؛ هاتنە بەر وێنا؛ (هیچ سەرتربوونێک لەم کەسایەتییەدا بەروێنا نەکەم)؛ بۆ ئاگاداری: بەرگومان نابێتە: متصور؛ بۆچی چوونکە بەرگومان دانراوە بەرانبەر بە "متصور"، لە کاتێکدا واتای تصور دەبێتە "وێنا" و "متصور" بەروێنا؛ لە کاتێکدا گومان واتای "شک"ی عەرەبی دەدات و بەرگومان دەبێتە: مشکوک؛ واتای وشەی "شک" لەم کوردیدا دەبێتە: گزە و ڕوێز؛ گومانیش کە وشەیەکی هاوبەشە لە فارسی و کوردیدا، دەبێتە: دوودڵی؛ کە وابوو (وێنا) دەبێتە: تصور و (بەروێنا) متصور؛ وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، بەرگومان دەبێتە: مشکوک. بڕوانە وشەی وێنا.

بێگومان وشەسازی بە یارمەتیی پێشگری "بەر" زۆر دەتوانێ زمانی کوردی دەوڵەمەندتر بکات.

ناسری ڕەزازی